# هاوری سەمیر عادل لەبارەی خۆپیشاندان ونارەزایەتیەکانی قوتابیانی زانکۆی بەسراوە بۆ بلاوکراوەی ئۆکتۆبەر دەدوی

خەسرەو سایە: هاوری سەمیر.. هەروەك لەبەیننامەی حیزبدا هاتووە کەچەند رۆژێك دەبی قوتابیانی زانکۆی بەسرا دەستیان داوەتە نارەزایەتی و خۆپیشاندان لەدژی دەستەو تاقمی ئیسلامی سیاسی لەوانەش تاقمە تیرۆریستەکەی سەدر.. ئەگەربکری پیمان بلیتت کە زەمینە سیاسی و کۆمەلایەتییەکانی ئەم نارەزایەتیيانە چین و ئیتسا وەزعەکە بەکوی گەیشتووە؟

سەمیر عادل: لەماوەی دووسالی رابردوودا و بەشیوەیەکی تایبەتیش بەدوای داگیرکردنی عیراق لەلایەن ئەمریکاوە فرسەت بۆ سەرهەلدانی دەستەو تاقمی ئیسلامی سیاسی پەیدابوو. لەهەلومەرجیکدا کەشەپۆلیکی چەوسانەوە وستەم، لەلایەن رژیمی بەعسەوە بەری کەوتبوو، ئەم دەستەو تاقمانە کە داتەپینی مادی و مەعنەوی کۆمەلگای عیراقیان بەهۆی گەمارۆی ئابوورییەوە، کە زیاتر لە 10 سال دریژەی کیشا، بەفرسەت وەگرت، هاوکات کەش و هەوایەکی کۆنەپەرستانە کەبەهۆی "حەملەی ئیمانی" رژیمی بەعسەوە بووە مایەیی بەهیز بوونی خورافەو ئەفسانەی ئاینی و ئەمەش بەزۆر و سەرکوت بەسەر خەلکی عیراقدا سەپیندرا... لەکاتیکدا کە هەموو دەرگاکان بەرووی رەوتی ئازادیخوازی دا داخرا و کەسایەتی و رابەرانی ئەم رەوتە فریدرانە زیندانەکانەوە و لەنیو چوار دیواری ئەشکەنجەی خویناویدا راگیران ولەگەل ئیعدام و لەناوبردنی جەستەیی بەرەو رووکرانەوە،.. لەهەلومەرجیکی ئاوادا و بە کۆمەکی پارەی جمهوری ئیسلامی ئیران و سعودیە دەستەو تاقمی ئیسلامی توانیان هیزبگرن و لەریگای تیرۆرو تۆقاندنەوەوە خۆیان بەسەر جەماوەری خەلکدا داسەپینن. و لەم نیوەشدا زانکۆکان بوونە یەکیك لە مەیدانەکانی مومارەسەی تیرۆر و تۆقاندنی دەستەو تاقمی ئیسلامی سیاسی. ئەمانە هەولیان دا بەداسەپاندنی بەزۆری حیجاب بەسەر قوتابیانی کچدا و ئاپارتایدی جنسییان لەنیوان ئەوان و هاوریانی کوریاندا پیکهینا، هاوکات وینەی سەرانی ئاینییان لەزانکۆکاندا هەلواسی و بەمجۆرەش زانکۆکانیان کردە مەیدانیك بۆ ریورەسمی ئاینی و تایرەگەری و نانەوەی ئاشوب لەنیو ریزەکانی قوتابیاندا. بۆنمونە دەمەوی باس لەرووداویك بکەم کەلەزانکۆی ئەنبار روویداوە ولەراستیشدا مایەی پیکەنینە، ئەویش ئەوەیە کە ئیسلامییەکان لەریگای بلاوکردنەوەی چەند نامەیەکەوە هەرەشەو دەرسی قوتابیانیان لەسەر ئەوە دادابوو کە دەبی قوتابیان خۆپاریزی بکەن لە خواردنی" بنیشت وچەرەس و جۆرەکانی جبسی لیزە ...." ئەمە جگەلەوەی کە لەریگای سازدانی مەفرەزەی چەکدارەوە زانکۆکانیان گەمارۆدا تا بتوانن یاساکانی خۆیان بەسەر قوتابیاندا بسەپینن.

لەشاری بەسراش بەدیاری کراوی، و بەهۆی ئەوەوە نزیکە لە ئیرانەوە، موخابەراتی جمهوری ئیسلامی ئیران و دەزگای ئیتلاعات دەستی دریژکردووە بۆسەر ژیانی مەدەنی ئەم شارە. لەمشارەدا ژمارەیەك لەدەستەو تاقمی ئیسلامی هەن کە راستەوخۆ لەلایەن جمهوری ئیسلامی ئیرانەوە بە پارەو بەچەك بۆئەوەی دەسەلاتیان بەشەر شارەکەدا راگرن، کۆمەك دەکرین. تاقمەکەی" ثار الله " وریکخراوی بەدر و مەجلسی ئەعلا و تاقمەکەی صەدر و فەزیلە و چەندی تریش... ئەمانە هەریەکەیان بەشیوەی خۆی لەهەولی داسەپاندنی یاساکانی ئیسلامدان. بۆنمونە تاقمەکەی صدر لەسالی رابردوودا هەستابە کوشتنی ژمارەیەك لەخاوەنی دوکانی مەشروب فرۆش کەلەسەر شەقامی "البشار" بەکارەوە خەریك بوون. وە هەموو ئەم تاقمانەش بەردەوام هەرەشەیان کردووە و هەولیان داوە مەسیحییەکان و صائیبیەکان ناچار بە کۆچ و جیهیشتنی شاری بەسرابکەن. بەپیی ئاماریکی نارەسمی ژمارەی مەسیحییەکان لەشاری بەسرادا نزیکەی 50 هەزار کەس دەبوون بەلام ئیستا تەنها 5 هەزار دەبن کەلەم شارەدا مابن. لەپال ئەم کردەوانەشدا دەستەو تاقمە ئیسلامییەکان دەستیان تیکەلاوە لەفەسادی ئیداری ودزینی پارەو فەرامۆشکردنی خزمەتگوزاری شارەوانی وپاریزگا و لەزۆرینەی بەریوەبەرایەتییەکانیشدا خەریکی رەشوە وەرگرتنن..

ئەم کردەوە دژی ئینسانیانەی ئەم دەستەو تاقمانە بەردەوام بۆتە مایەی رق و بیزاری بەئاشکرای خەلکی عیراق بەتایبەتی لەشاری بەسرادا. بەتایبەتیش بەدوای تاوانیکدا کە تاقمەکەی صەدر دەستیان بۆبردو بووە مایەی کوشتنی قوتابیەك کە ئەویش بۆ بەرگری لە هاوری مەسیحی‌یەکەی هاتبووە دەنگ، هۆکاریك بوو بۆئەوەی پەتی تەحەمولی خەلکی بپچری و راپەرینیکی قوتابیان بەرووی ئەم تاوان و دەستدریژی‌یەی تاقمەکەی سەدردا بهینیتەکایەوە و خەلك و قوتابیان و لایەنگرانی ئازادی پشتیوانیانی لیبکەن. ئەمەش پەیامیکی رۆشنی لەدژی دەستەو تاقمی ئیسلامی چ لەشاری بەسرا و چ لە سەرجەم کۆمەلگای عیراقدا راگەیاند. ئەتوانم بلیم کەئەم راپەرینەی قوتابیانی بەسرا کاریگەری گشتی دەبیت لەسەرانسەری عیراقدا. بەتایبەتیش کاریگەری تەواوی هەبوو لەسەر مەزاجی کۆمەلگا و ئەو بەرپەستە لەترس و تۆقاندنی شکاند کەئیسلامی‌یەکان دایان سەپاندووە بەسەر کۆمەلگای عیراقدا. ئیستا سۆز و لایەنگری‌یەکی گەورە لەلایەن بەشەکانی خەلکەوە بۆ قوتابیانی زانکۆی بەسرا دروست بووە. .

**خەسرەو سایە: ئایا ئەم نارەزایەتی‌یانە توانیویانە هیچ خواستیکی قوتابیان بەدی بهینن. کاردانەوەی ئیدارەی زانکۆو تاقمە ئیسلامی‌یەکان چی‌یە و بەکوی گەیشتووە؟**

**سەمیر عادل**: لەژیر کاریگەری بەیانیکدا کە" کۆمیتەی کاری قوتابیان لقی بەسرا" بۆ دەستدانە مانگرتنیکی کراوە بلاوی کردەوە، مانگرتنی قوتابیان بەرەو خۆپیشاندانیکی گەورە بەرەو پیشەوە چوو کە هەزاران کەس لە نزیکەی 36 ئامادەیی و ناوەندی و هەردوو زانکۆی " **البصرة وشط العرب الاهلي**" وخەلکی شار لە کۆبوونەوەیەکدا لەبەردەم بارەگای پاریزگاری شاری بەسرادا بەشداریانکرد. لەم خۆپیشاندان و نارەزایەتی‌یانەشدا کۆمیتەی کاری قوتابیان دوای دادگایی تاوانباران لەدادگایەکی ئاشکرادا خستەرووهەروەها خواستی، هەلگرتنی هەرجۆرە رەسم و ئادابیکی ئاینی لەزانکۆکان وگۆرینی تاقمی چەکداری ئیسلامی بە پۆلیس و بژاردنی ئەو زەرەر وزیانەی لە قوتابیان کەوتووە و دەستکیشانەوەی سەرۆکی بەشی ئەندازیاریتی زانکۆ کە دەستی لەگەل تاقمە ئیسلامی‌یەکان لەدژی قوتابیان تیکەلاوە، خرانە روو. لەئەنجامیشدا پاریزگاری بەسرا ناچار بوو لەقسەیەکی دا مل بە خواستی خۆپیشاندەران بدا، جگەلە خواستی دادگایی تاوانباران و گۆرینی بەوەی کە تاقمەکەی صدر بەبەیانیکی رەسمی داوای لیبوردن لەقوتابیان بکات. بەلام قوتابیان قسەکانی پاریزگاریان بری و راگرتنی مانگرتنەکەیان رەتکردەوە. لەلایەکی تریشەوە ژمارەیەك لە رۆژنامەو بلاوکراوەکانی شاری بەسرا بەیننامەکانی کۆمیتەی کاری قوتابیانیان چاپ وبلاوکردەوە و هاوکات چەندین لایەنیش لەوانە " کۆمەلەی مافی مرۆڤ لەشاری بابل، کۆمەلەی کۆمەلگای مەدەنی، یەکیتی شورا و نەقابەکانی کریکارانی عیراق، حیزبی کۆمۆنیستی کریکاری عیراق، یەکیتی بیکاران، کۆمەلەی قوتابیانی عیراق، یەکیتی قوتابیانی عیراق" ودەیان کەسایەتی تریش لەبەیاننامە و راگەیاندنەکانیاندا پشتیوانی خۆیان لە خۆپیشاندان و نارەزایەتی قوتابیانی بەسرایان کرد و ئیدانەی تاقمە ئیسلامی‌یەکانیان، بەتایبەتی تاقمەکەی صدر راگەیتند. ئاکامی ئەم هەولانەش تاقمەکەی صدر لەژیر فشاردا بەبەیانیك ئیعتزاری خۆیان بۆ قوتابیانی زانکۆ راگەیاند و ملیان دا بەوەی لیژنەیەك بۆبژاردنی زەرەر وزیانی قوتابیان بدەن. بەلام بەهۆی فراوان بوونەوەی مەودای نارەزایەتی‌یەکان چ لەناوخۆ چ لەئاستی دنیادا بەدژی تاقمەکەی صدر و ئیسلامی‌یەکان، ئەمرۆ وەزیری خویندنی بالاو وەزیری پاریزگاکان ئیدانەی تاقمەکەی صدر و تاوانیك کە لەدژی قوتابیان خولقاندیان راگەیاند. لەکەنار هەموو ئەمانەوە تائیستا قوتابیان سورن لەسەر خواستەکانیان و ئیعتزاری مەکتەبی صدریان رەتکردەوە و بریاریاندا کەلە لەنیو زانکۆدا دریژە بەمانگرتنی خۆیانبدەن تا هەموو خواستەکانیان جی‌بەجی دەبی. لەلایەکی‌تریشەوە تاقمەکەی صدر کەوتنە هەولدان بۆراکیشانی هەندیك لە عەشیرەتەکان تالاسەنگی خۆیان رابگرن و بەمجۆرەش بەیاننامەیەك بەناوی عەشیرەتەکانەوە بلاوکرایەوە و تیایدا هەرەشە لەقوتابیان دەکات و داوالە سایەق شۆفیرەکان دەکات کە قوتابیان نەگەیەننە زانکۆ، ئەمە جگەلەوەی لەوبەیانەدا بیشەرمانە رایان گەیاندووە کە زانکۆ بەچەك و هاوەن بۆردومان دەکەن ئەگەر بیت و قوتابیان دەست لەنارەزایەتی‌یەکەیان نەکیشنەوە و ئیعتزار

بۆ مەکتەبی صدر نەهیننەوە، بەلگەشیان بۆئەمە دژایەتی قوتابیانە بۆ ئیسلام.. بەلام بەهۆی فشاریکی گەورەی خەلکەوە سەرۆکی ئەم عەشیرەتانە کە ژمارەیان 8 کەس بوون ناچارکران بەوەی لە بەیانیکدا ئەم هەلویستەی عەشیرەتەکان بەدرو بخەنەوە و دواتریش سەردانی پاریزگاری بەسرابکەن و داوای تۆمارکردنی دەعوایەك لەدژی تاقمەکەی صدرربکەن بەو هۆیەوە کەبەناوی ئەوانەوە وبەبی ئاگاداریان بەیننامەی لەو جۆرەیان بلاوکردۆتەوە...

خەسرەو سایە:حیزب چ دەوریکی هەیە لەسەر ئەم نارەزایەتیانە و قوتابیان دەبی چی بکەن بۆئەوەی بەخواستەکانیان بگەن؟

سەمیر عادل: حیزبی کۆمۆنیستی کریکاری عیراق پشتیوان و پالپشتی هەموو بزوتنەوەیەکی ئازادیخوازانەیە لەکۆمەلگای عیراقدا. بەم هۆیەشەوە حیزبی ئیمە دەوریکی چالاکانەی گیراوە لەراستەی رابەری کردن و ریکخراوکردنی خۆپیشاندان و نارەزایەتی قوتابیانی زانکۆی بەسرادا، وبەم هۆیەشەوە توانیومانە بزوتنەوەی قوتابیان و نارەزایەتییەکانیان لە حالەتی خۆبەخۆیی دەربهینین و بەئاراستەی خواست و داواکاری رۆشندا ئاراستەی بکەین و ئاسۆداریکەین. هاوکات حیزبی ئیمە کاری کردووە و دەیکات لەراستای یەکخستنی ریزەکانی قوتابیاندا لەسەراسەری عیراقدا لەدەوری چەند خواستی رۆشن کە هەموو قوتابیان بگریتەوە، لەوانە: جیایی دین لەدەولەت و بووارەکانی پەروەردەو فیرکردن، یەکسانی تەواوی ژن و پیاو، هەلوەشاندنەوەی بریاری ئەهلی کردنەوەی بووارەکانی خویندن وزانکۆکان، سپاردنی تاوانباران بە دادگایەکی ئاشکرا و بەحزوری نوینەرانی قوتابیان.. هەروەك ئاگادارن مانگرتنی قوتابیانیش لەشاری سلیمانی و هەولیر لەدژی بەئەهلی کردنی خویندن(**خصخصة التعليم**) بۆماوەی 3 هەفتەیە دریژەی هەیە، هاوکات بیزاری و تورەیی فراوان لەدژی دەستەو تاقمی ئیسلامی لەنیو قوتابیانی شاری بەغدا و شارەکانیترداا لەئارادایە. ئەتوانم بلیم کە حیزبی ئیمە تائیستا توانیویەتی لەشاری بەسرا نەك هەر بۆ بەدی هینانی خواستەکانی قوتابیان دەوری سەرەکی بگیری، بەلکو بۆپاراستن و پشتیوانی بزوتنەوەی قوتابیان لەبەرامبەر هەر پەلاماریکی چەکداری و تیرۆریستی تاقمە ئیسلامیەیەکاندا راوەستی و بزوتنەوەکەیان بەرەو بزوتنەوە و خەباتیکی جەماوەری کەهەموو بەشەکانی کۆمەلگا بگریتەوە تیبکۆشیت. بەلی کۆمیتەی کاری قوتابیان ریکخراویکی جەماوەرییەو چەندین رەوتی سیاسی جیاوازی تیا کۆبوونەتەوە، بەلام حیزبی کۆمۆنیستی کریکاری عیراق نفوزیکی سەرەکی وچالاکی لەم ریکخراوەیەدا، لەچاو ئەوانی تردا هەیە، ئەمەش لەوەدا دەردەکەوی کە کۆمیتەی کاری قوتابیان بەکردەوە سیاسەتیکی ئازادیخوازانەی گرتۆتەبەر و لەپشت ئەوپەری خواستی قوتابیانەوە راوەستاوە و وەك خواستی ئەوان لەخۆپیشاندان و نارەزایەتییەکاندا بەرزی کردۆتەوە و هەر ئەم خواستانەش بوو بە خواست و دروشمی خۆپیشاندانەکانی قوتابیان بەرادەی ئەوەی دروشمی وەك" نا بۆئیسلامی سیاسی"،" نا بۆ موقتەدا صدر" ببیتە شیعاری رەسمی قوتابیان... هەروەها حیزبی ئیمە لەهەولی بەردەوامدایە بۆخۆچەکدارکردنی قوتابیان و رۆشنبوونەوەی ئاسوی خەبات و داواکارییەکانیان. هەروەها ئیمە بۆ بەدەست هینانی پشتیوانی ناوخۆیی و دەرەکی لەخەباتی قوتابیان تیدەکۆشاوین وبەیاننامەی کۆمیتەی کاری قوتابیانمان بەگۆیی کۆمەلگا و دنیای دەرەوە گەیاندووە وتائیستاش لەچەندین شوینەوە نامە و بروسکەی نارەزایەتی و پشتیوانی کەسایەتی و لایەنەکانمان لەئاست ناوخۆو دەرەوەدا بەدەست هیناوە، بەرادەی ئەوەی ئیستا تاقمەکەی صدر ناوێرن لەکاتی ئامادەبوونی دەزگاکانی راگەیاندندا حزور پەیدابکەن و ئامادەنین بۆ دەزگاکانی راگەیاندن بدوین. تەنانەت بریاربوو یەکیك لە کەنالە ئاسمانیەیەکان مونازەرەیەك سازبدات لەبارەی نارەزایەتی خویندکارانەوە بەلام کاتیك زانیان ئیمە تیا بەشدارین ئەوان ئامادەنەبوون بەشداری بکەن....

بەکورتی ئەگەر بمەوی بلیم یەکخستنی ریزی قوتابیان چ لەئاستی محلی و چ لەئاستی سەراسەریدا لەدەوری خواستی رۆشن کەلەسەرەوە ئاماژەی پیدرا و هاوکات بەستنەوەی سوزو لایەنگری جەماوەر لە خواستەکانی خویندکاران و بزوتنەوەکەیان و راکیشانی پشتیوانی ولایەنگری جیهانی بوی.. ئەمە ئەو کارانەیە کە دەبی بزوتنەوەی قوتابیان لەراستایدا بەدەستییەوە بگری..